# زلله مزرەكەی حكومەت !

بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا
bhastiar@yahoo.de

منیش ئەزانم لەم كوردستانەی ئێمەدا بۆ بە ئاگا هێنانەوەو ئاقڵكردن نەبێت بڕواناكەم كەس هەبێت دڵی بێت یان زاتی ئەوە بكات دەست لە كەسێ هەڵبێنێتەوە ،یان خوا نەكردە لە گوڵ كاڵتری پێ بڵێ !!!
ئەی برا تۆ پێم ناڵێی چۆن دڵت هێنای و ڕێگەت بە خۆت دا لە ختو خۆڕایی ئەو دەستە ناشرین و قێزەونانەت بە ڕووی ئۆتۆمبێلی كەسێكدا بەرز بكەیتەوەو داوای ئەوەی لێ بكەیت گوێی یاسا نەكات بە ژێر پێچكەی ئۆتۆمبیلەكەیەوە ،مەگەر نەتزانی ئەو زاتە كێ بوو كە تۆ بەو كردەوەیەت هەموو كبریائی ڕابوردوو ئێستاو داهاتووشیت وا ڕووشاند كەس نەیناسێتەوە ، دە تۆ خۆت بخەرە جێی ئەو و بزانە ئەو ئیهانە زەبەلاحە هەموو كیانت ناهێنێتە لەرزین و دەمت كەف ناكات كاتێ كەسێك پێت بڵێ بوەستە وسەیرێكی خۆت بكە چۆن بە ڕۆژی نیوەڕۆ لەبەر چاوی ئەو هەموو خەڵكەوە یاسات كردووە بە ژێرەوەو لە خوێنی خۆیدا گەوزاندووتە .
ئینسان ئەبێ كەمێ بە ویژدان بێت ئاخر یاسا چییەو تا ئێستا كێی كردووە بە شارستانیی تا زاتێكی وا بە هەیبەتی لەسەر دڵگران بكرێت ، بڕوات بێت منیش ئەڵێم ڕاست ئەكاو مەگەر هەر "ئەیوب " ئەو سەبرو تەحەممولەی ئەوی هەبووبێت دەنا ئەبوو هەر كە پاسەوانە ئێسك سووكەكەی بە زللەیەك كڵاوەكەی تۆو شەرەفی حكومەتە ساواكەمانی برد بە ئاسمانا ، ئەبوو بەڕێزیشی بۆی بسەندایەتەوەو چەپ و ڕاست وای تێ سرەواندیتایە كە جۆرێك بە ئاگا بهاتیتایەوە كە ئەگەر ژنت هێناو مناڵت بوو ، ئەوانیش نەوێرن لە پۆلی دەرس خوێندنیشدا دەست بەرز بكەنەوە ، بەڵام خۆت ئەزانی ئەو بەڕێزە چەند دڵ فراوان و بە ئارامە ، دە تۆش كەمێك ئاقڵ بەو هیچ نەبێ ئەو پۆلیسی هاتووچۆ نەگریسانە بێنەرەوە پێش چاوی خۆت كە چۆن ئەوانیش هەر لەسەر دەست بەرز كردنەوەیەك لە كاروانی ئۆتۆمبیلەكانی "وەتبان تكریتی " كران بەو فلیمەی كەس تەماشای ناكات ، نازانم تۆ دیوتە یان نا ؟ بڕوا ناكەم بینیبێتت ، چونكە گەر بتبینیایە قەت ئەوەندە بە جەرگ نەئەبوویت هەڵەی وا دووبارە بكەیتەوە.
كورد ئەڵێ " هەر ئەقڵە و لە خەسارێ " ؛ گرنگ ئەوەیە ئێستا لەهەر كوێ بیت ، زیندان بێت ، باخی گشتیی بێت یان شار بەدەر كرابیت و لە" گۆیژەی عاشقان" لەگەڵ كیژۆڵەیەكدا بە دزیی چاوی پیاوە زرتە بۆزە بەغیلەكانی شارەوە ڕازو نیاز بگۆڕیتەوە ، ئیتر هەر شوێنێ بێ ، پەڕۆیەكت لەم هەلوێستە نا شارستانییەی خۆت دادڕیێ و بە خۆتا چووبیتەوەو بزانیت ئەو بەڕێزەی تۆ داوای چەسپاندنی یاسای هاتوچۆت لێ كرد بۆی هەبوو لەوە زیاتر ئیجرائاتی لە گەڵتا بكردایە ، بۆ نموونە ئەبوایە ئەو جێگرە بەڕێزەی وەزیر چەند پاسەوانی لەگەڵدا بوو ئەوەندە زللەیان بە ژماردە لێ بدایتایە ، چونكە دیارە تۆ بە زللەیەك بە ئاگا نایەیتەوە . یان دەبوایە هەر لە جێگری وەزیرەوە تا بچووكترین پاسەوان "هەڵبەتە لە تەمەندا ئەڵێم ،دەنا هەموویان لە تۆ گەورەترن "

**بەڕێز بوەستانایەو تۆش بۆ ئەوەی خواو جەنابی جێگری وەزیر لەو گوناهەت خۆش بوونایە بە ڕیز دەستی موبارەکیان ماچ بکەیت و پەیتا پەیتا لە خواش بپاڕێتایەتەوە کە لەو گوناهەت خۆش بێت و ڕۆژی قیامەت لەسەر ئەو چاو قایمییەت سەرەو خوار هەڵتنەواسێ .**

**باشە تۆ پێم ناڵێی کە زانیت ئەوە جەنابی جێگری وەزیری ناوخۆیەو گەر ئۆتۆمبێلەکەی بەوخێرایی و لەو ساتەدا تێپەڕ نەبێت ئەوا " سلێمانی " ئەبێتە وێرانەو داری بەسەر بەردییەوە نامێنێ ،چۆن پرکێشیی ئەوەت کرد نەك دەستی لێ ڕابگریت ، بەڵکو بڵێم چۆن زاتی ئەوەشت کرد بەو ڕووخسارە ناشرینەتەوە لەو ڕووخسارە نوورانییەی بڕوانیت و میزاجی بشێوێنیت .**

**برا هەولێریەکانمان ئەڵێن : پەککو .. پەککو ، منیش ئەڵێم وەڵڵا بابە پەککو لەو غیرەتەت ، خۆزگە بۆ ساتێکیش بوایە ئەو تۆوی بە جەرگیی و ئازایەتییەت لە گیانی هەمووماندا ئەڕوا ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێم خۆزیا ئەو زللە مزرەی بەدوادا نەئەهات ، گەرچی زللەی بە ئاگا هێنانەوەیە و وەك حەبی پاراسیتۆڵ بۆ ژانە سەر یەکاو یەکە ، بەڵام بەخوا هەر زللە خۆش نییە و ئەو کاتانەم بیر ئەخاتەوە کە لەوانەی ماتمتیکا نەمئەزانی دوو ژمارە بە ڕاستیی کۆ بکەمەوە و مامۆستاکەش لە داخا زللەیەکی مزری ئەسرەواندە پەنا گوێم ، بەهەر حاڵ لە جیاتی جارێ من سەد جار گەردنی ئەو مامۆستایەم ئازاد ئەکەم ، بەڵام بە خوا من بە ڕەوای حەقی نازانم تۆ گەردنی ئەو بەڕێزە ئازاد کەیت ؛ جا ئازادیشی ناکەیت چی ئەگەیت ؟ کوڕە دەدەی بیدەرە دەست خوا ، ئەمە وڵاتی قەزاو قەدەرە ، بەس نییە ئەو هەڵوێستە نالەبارەت سەریشی نەخواردیت!!!!!**

لە ژمارە 190 ی2004/9/8ی ڕۆژنامەی "هاوڵاتی "دا بابەتێك بە ناونیشانی " حکومەت بە زللە لە پۆلیسێك دەدات " بڵاو بڵاکراوەتەوە ، گەر لەم چەند دێرە حاڵیی نەبوویت ، تکایە بڕوانە لاپەڕە دووی ئەو ژمارەیە.